ئیسلامگەرای تونـــــــــدڕەو، ئیسلامگەرای میـــــــــانڕەو..

نووسینی: ستیڤان شەمزینی

بە قسەکردن لەسەر دیاردەیەکی وەک ئیسلامی سیاسیی پێویستیمان بە ڕووبەر و پانتاییەکی فراوانتر بە ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی گشتیی و لە تەواوی سیاقە جیاوازەکانەوە لەو دیاردەیە بدوێین، بۆیە من لێرەدا لەسەر سێ ئاست یان ڕاستر بڵێم لەسەر سێ تەوەر قسە دەکەم کە بەم شێوەیە تەوزیفی دەکەم:

تەوەری یەکەم : ئیسلامگەرا چییە؟

دوا بەدوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانلی لە دوانزەی ئازاری ساڵی 1924دا لەلایەن تورکە کەمالییەکانەوە، بە چەند ساڵێکی کەم یەکەمین گروپی ئیسلامی ڕیشەییخواز لە میسر بە ناوی گروپی (برایانی موسڵمان ـــ اخوان المسلمین) دروست بوو کە مەهامی سەرەکی ئەم دەستەیە گیانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەت بوو بە سەر شانەی سیاسیی، لێرەوە لە نێو دنیای ئیسلامیدا زەمینە سازبوو بە سەرهەڵدان و پێکهاتنی چەندین گروپی تری ئیسلامی ڕادیکاڵی کە هەموویان خۆنیان بە گیانەوەی دەوڵەتی خەلافەتەوە دەدی، کە دەتوانین (إخوان المسلمین) بە دایکی هەموویان دابنێین، لە هەناوی ئەو گروپەدا چەندین گروپی تر دێنە دەرەوە کە هەر یەکەکیان بە ئاستێکی جیاواز هەنگاو بەرەو ئەو خوونە دەنێت.

ئەم ڕەوتانە بە هیچ خوێندنەوەیەکی عەقڵانی و ژیربژێی و دیدێکی نوێ و هاوچەرخ بە چەمکە قورئانی و ئیسلامییەکان بە هەمان تاکتیکی سەردەمی پێغەمبەر (محەمەد)ەوە، کەوتنە کار بە کۆنترۆکردنی جیهان یان باشتر بڵێین بە پاشکۆپێکردنی جیهان بە دڕخی ڕابردوویەکی دوور کە لە تەواوینی ئەواندا ئەو ڕابردووە ڕابردوویەکی بە خوش و بگرە و کەمڵی پێشین (سلف) کەمڵکی نموونەیی (مثالی) بە هاوتا بووە، ئەرشیفی ئەو ڕابردووە بە ڕاددەیەک خەنی و دەوڵەمەندە کە وەڵامی هەموو پرسیارە عەقڵانی و مەعریفییەکانی مرۆڤی کۆن و نوێ و کەمڵی کۆن و نوێی داوەتەوە، هەر بۆیە پێویست ناکات مرۆڤ لە غەیری ئەم ڕابردووە پاکە بە شتێکی تر بگەڕێ.

هەروەک چۆن (ئەبوبەکری سدیق) دەیگووت (گەر بە گوریسی ملی

حوشترەکەم بگەڕێنەوە قورئاندا دەیدزمەوە) ئەم ڕەوتەش بە هەمان شێوە ڕابردوو و دینەکەی گشتگیر دەکات و دەیەوێ جارێکی تر کتومت بە هیچ جیاوازییەک ئەو ڕابردووە وەک خەی بگەڕێنێتەوە بە بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی بابەتی و کۆمەڵایەتی دنیای نوێ کە دنیایەکە پڕ لە ئاوگۆی خۆرا. لەم حاڵەتشدا کەی ئیسلامگەرەکان بە تونديەو و میانڕەوێ هەمان خەونیان هەیە و تەنیا ستایڵی کارکردنی سیاسییان لەک جیاوازە، بەڵام لە دوا وەستگەدا هاوئامانج و هاوڕێگان.

سەرباری ئەمەش ئەم ڕەوتانە هاتوون تا دەروازەکانی عەقڵ کەم بدەن و دەرگاکانی دیالۆگ دابخەن و بە شێوەیەکی نەقڵی و بە بیرکردنەوە لە نەو تەکستەکان و مێژوودا شوێنکەوتە بن، چوونکە هەموو جۆرە لێژیکبازییەک لە فەرهەنگی ئیواندا یەکسانە بە زەندیق بوون (فمن تمنطق تزندق) و مافی بیرکردنەوە و ڕامان و هەڵوەستەکردن لە دەرەوەی کتێب و سوونەت و ڕای کەی زانایان (إجماع العلماء) ڕەت دەکەنەوە، تەنانەت ئیخوانەکان دوژمنی سەرەکی ریفەرمخوازیی و نوێگەرانی بیری ئیسلامی بوون و بە هەمان شێوەی حزبەلیەکان کەوتنە دژایەتیکردنی ڕۆشنفکران و موسڵمانانی نوێخواز، گەر لە ڕابردوودا حزبەلیەکان بەربەستی یەکەمی بەردەم ڕەوتەکی عەقڵانی وەک (معتزلە) بووبن ئیوا ئیخوانەکان و ئیسلامگەرای هاوچەرخ بەربەستی سەرەکی بەردەم ڕێنسانسی ئیسلامی بوون کە (محەمەد عەبدە ــ جەمالەددین ئەفغانی) پێشەنگی بوون، لەم چەرخشدا (د.نەسر حامد ئەبوو زەد ــ د.محەمەد ئەرگون و چەندانی تر) خەکانێکی ناسراو بوون لە هەمان بواردا.

تەوەری دووەم : تونديەویی و میانڕەویی

بەر لە هەر شتێک جیاکاریی و پەلەنکردنی ئیسلامگەرەکان بە سەر دوو پایەگا، کە یەکەمیان پایەگای تونديەوەکانە و هەموو جۆرە عەقڵ و گفتوگۆ و زمانی پێکەوە هەڵکردنێک نراوەتە لاوە، بە پێچەوانەشەوە پایەگاکەی تر بەوای بە دیموکراسی و دیالۆگ و هاوئاهەنگی هەیە و بیروڕاکانی خەی بەسەر ئەوی دیدا ناسپێنێت و بەشێوەیەکی بەرچاو کراوەیە کە زیاتر لەنەو ئەم پایەگایەدا پێنج بە (إخوان المسلمين) دەژمێرێت. لە بنەڕەتەوە هەیە، چوونکە لە ڕاستیدا ئیسلامگەرای تونديەو و میانڕەو بوونی نیە، هەر چەندە دەتوانین موسڵمانی تونديەو و میانڕەو لەک جودا بکەینەوە، بەڵام ئەوی لەنەو ئاستەی ئیسلامگەرایدا بێت ناتوانرێت وەک میانڕەو وەسف بکرێت، چوونکە کەی ئیسلامگەرەکان لە تونديەویدا یەکانگیر و هاوبەشن.

لەردا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە لەو ئیسلامگەرانە بکەین کە خۆیان بە میانەو دەزانن: ئایا باوەڕی خۆیان ئیلغا کردەتەوە بە ئایەتەکانی جیهاد و هاندانی کوشتن و تۆندوتیژیی؟ ئایا میانەوکان سورەتی (التوبە)یان لە قورئانەکەی بن باخەڵیان دەرهێناوە؟ ئایا میانەوکان هێشتا بڕوایان وا نییە بەهەشت لە ژێر شمشێرەکانی جیهاد و تاقانی پشتگوێ بخەن و بڕوا بە سەردەمی کارپێکردنیان بسەرچووە؟ ئایا میانەوکانیش تەکفیری ئەو کەسانە ناکەن کە رەخنە لە ئیسلام و پارتە سیاسییەکانیان دەگرن؟.

بگومان تاکە شتێک رەوتی میانەو لە تۆندەو جیا دەکاتەوە لەوەدایە کە ئەوی یەکەمیان هەلومەرجی بابەتی خۆنەدەتەوە و دەزانێت پارسەنگی هێز بەلای کەدا لارە، بەڵام ئەوی دووەمیان بە بەتگەیشتن لە زەمینە و واقیع بەشوێیەکی هەڵچووانە بانگەشەی بکارهێنانی زەبروزەنگ دەکات، گەر وردبینەوە لە مێژووی (إخوان المسلمين) لە نزیکەوە بەر ئەم راستییە دەکەوین: بە نموونە لە سەرەتای کاری ئەو گروپەدا بەشوێیەک دەردەکەون وەک کەمێکی ریفەرمخواز، لەو ساتەوەختەشدا (حسن البنا) دەیووت (لەگەڵ خێکی وەک دار وابن گەر بەردیان تێگرتن ئەوا ئەوە بەریان تێبگرن)، بەڵام لەوکاتەی کە دەبنە رێکخراوێکی تەکمە و بە نفوز دەمامکەی سەرچاویان لادەدەن و لەم لەحزەیەدا (حسن البنا) دەڵێ (ئەوەی لە بەردەم هاووڵاتیانی میسردایە، هەبژاردنە لە نێوان دوو سەنگەردا: پەیوەندیکردن بە ئیخوانەوە یان دژایەتیکردنمان). بەنا، رەگەی سێیەم نابینە و هەر دەستایەتی نەکردن و قبوڵنەکردنێکی بە دوژمنایەتیکردنی تەدەگات.

تا دەگات بەوەی ئیخوانەکان هەڵدەستن بە دەرکردنی گەڤاری (النذير) کە لە راستیدا ناوی گەڤارەکە هەڵگری گەلێک مانا و مەدلولاتی تایبەت بە خۆیەتی کە گرنگترینیان بریتییە لە تەعبیرکردن لە هەستی تۆندوتیژیی گروپەکە. ئیدی لە پرسەیەکی لەسەرخەدا گروپەکە بەرەو رەوتێکی چەکداریی دەڕوات و (حەسەن بەنا)ش باسی جیهاد دەکات و ئەمجارەیان لە جیهادی دەروونەوە باز دەدات بەرەو جیهادی کوشتنی نەیاران. هەر لەم بارەوە بەنا دەڵێت (جیهاد فەرزێکی پەویست و ئاشکرایە کە هەر دەبێت بکرێت). ئیدی لەم بەرەوارە بەدواوە ئەم گروپە چەندین جموجۆڵی چەکداریی و جیهادیی بەئەدەخات کە تیرۆرکردنی (نەقراشی پاشا) نموونەیەکی هەرە بەرجەستەیانە.

لە کوردستانیش لەبەردەم هەمان ئەزموونداین، یەکگرتووی ئیسلامیی کە

راستەوخۆ لقێکی لە (إخوان المسلمین) و ناشکرێت بە هیچ جۆرێک مۆژووی یەکگرتوو بە جیا لە مۆژووی (إخوان) سەیر بکرێت، بە لەوەشی یەکگرتوو لەو چرکە ساتەدا خۆی رادەگەیەنێت (1994) کە هیچ مەترسیەک لەسەر کورد و پاکتاوی گەلەکەی نەماوە، رێی هەبووە لە بارەمهەنانی توندوتیژیدا، هەرچەندە گەلێک هەوڵیانداوە بە ئاوەژوی خەیان بە جیا بگرن لە رەوتە ئیسلامیەکانی تر (کۆمەڵ و بزووتنەوە) بەڵام لە واقیعدا یەکگرتوو و هەموو ئاوانیتریش یەک ستراتیژیان هەیە و سەر بەیەک شێوەی بیرکردنەوە و دنیابینین بە دەرەوەی خەیان و دەوروبەریان، بەڵام بە کەمێک جیاوازییەوە. کە دەتوانین بڵێین گەر گرووپی (قاعیدە و داعش) باڵی عەسکەریی ئاو بزووتنەوەیە بێت، ئاوا یەکگرتوو باڵە سیاسیەکەیەتی.
رەنگە یەکگرتووی (میانڕەو) بشێوەیەک پڕە بەدات بە کولتووری زەبروزەنگ کە لە تۆندوتیژیەکەی (قاعیدە و داعش) جیاواز بێت، لەوانەیە (داعش) لەبەر مانبوزبوونی خۆی و بچووکبوونەوەی قەبارەکەی توانای ئاوەی نەبێ لە نەو کایە کولتووریەکەدا تیرەر بارەهەم بهێنێ، بەڵکو تەنیا دەتوانێت فەزایەکی نائارام بارجەستە بکات، بەڵام یەکگرتوو بەهەی بەهێزیی و فراوانی قەبارە کولتووریەکەی لە توانایدایە کار لەنەو لایەنە کولتووریی و کۆمەڵایەتیەکاندا بکات.

یەکگرتوو لە رەگەی رایەڵی راگەیاندن و مینبەری مزگەوتکانەوە فەتوا دەدات و مەلاکانیشی رۆژانە لە وتار و وەعزکانیاندا نەفرەتی ئاسمان بەسەر هەموو ئاوانیتری دەرەوەی خەیاندا دادەبارێنن!، دیسان ئاوە هەر یەکگرتووە دەیەوێت رەخنەگران و رۆشنبیرانی نەیار بئاڕاستە تەلەبەندی رقی خەڵک و وێنایەکی ناشیرینیان لە نەو زەینی خەڵکدا بە دروست دەکات و هەمیشە هەر رەخنەگرتنێک لە ئیسلامگەرەکان یەکسان دەکاتەوە بە رەخنەگرتن لە خوا و پێغەمبەرەکەی، چوونکە ئیسلامگەرەکان خەیان بە سەبەری خوا دەزانن لەسەر زەوی. لەبەر ئاوە لە ستراکتەرەوە ئاو پەلەنکردنەوەی کە لەسەرەوە باسمان کرد بە هەڵداچوونە ئاگەر نا لە جەوهەر و ماهیەتدا هەموو رەوتە ئیسلامگەرەکان یەک شتن و دووڕووی دراوەکن.

تەوەری سێیەم : ئیسلامگەرای کوردستان و کێشەی نەتەوەیی
لەم چاپتەرەدا دەبێت ئاماژە بە ئاوە بکرێت کە ئایا ئیسلامگەرەکانی کوردستان تا چەند بەشداربوون لە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستان و شانبەشانی هەزەکانی دیکە لە سەنگەردا بوون بە بەرگریکردن لە کوردبوون و ستەملێکراویی ئاو گەلە؟ کە لە راستیدا

ئیسلامگەرەکان نەیانتوانیوە (نەیانویستووە) لە قۆناغی سەختەکاندا بوونی خۆیان ئاشکرا بکەن، بە نموونە سەرهەڵدانی (إخوان) لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پێنجاکانی سەدەی رابردوو کەچی ساڵی (1994) دوای راپەڕین لە ژێر ناوی (یەکگرتوو)دا خۆی رادەگەیەنێت، تەنانەت ئەوان لە قۆناغە هەستیارەکانی خەباتی شاخدا تەواو بەدەنگن و وەک حەلقەیەکی نهێنی زۆر بچوک دەمێننەوە.
لە ماوەی چەندان ساڵی رابردووشدا و لە ئەزموونی کارکردنی ڕەوتە ئیسلامگەرەکانەوە بۆشاییەکی کرداریی بینیمان نەیانتوانیوە لەنێو چوارچێوەی کوردبوون و خەباتی سەربەخۆیی کوردستاندا کار بکەن، بە پێچەوانەوە خزمەتگەلێکی زۆری کولتوور و ناسیۆنالیزمی عەرەبیان کردووە، گۆشکردنی ئەم فەرمە لە ئیسلامگەریی بۆشکە لە پرسەی گۆشکردنی بیری پان ناسیۆنالیزمی عەرەب، چوونکە ئیسلام ڕەگەزێکی هەر گرنگی عروبەیە! هەروەک (میشێل عەفلق)ی تیۆرسیۆنی بەعسیزم دەڵێت (پەیوەندیی نێوان عروبە و ئیسلام وەک پەیوەندیی جەستە و گیان وایە).

یەکگرتوو بە ریالی سعودی و دەوڵەتانی خەلیج بە ناوی فریاکەوتنی هەژاران و خەرخوازییەوە دەبەستە جەبەجەکاری پڕۆژەکانی نەتەوەپەرستانی عەرەب، چونکە جگەی گومانە کە عەرەبە (خەرخوازەکان) بە تەنیا مزگەوت لە کوردستان دروست دەکەن (وەک ئەوەی کەممان هەبێت). لە کاتێکدا لەو چرکەساتە زەمینانەی کە یەکگرتوو مزگەوتی دروستدەکرد هەر ئەو جماوەرە موسڵمانە بوو کە یەکگرتوو مزگەوتی بە بونیاد دەنا لە هەژارییەکی کەم وێنەدا دەژیا. ئەو عەرەبەی کە ملیۆنەها دۆلار و ریال دەخاتە سەر حساب بانکی یەکگرتوو، بە خەیاڵیی ئەم بە خەیاڵییە بە فیەە نادات لەبەر ئەوەی دەزانێت بەهەزبوونی ڕەوتی ئیسلامی بونیادگەریی لە کوردستان بە مانای پووکانەوەی بیری نەتەوەییە و بەمەش ڕێگا تەخت دەبێت لەبەردەم عەرەب تا لە کێداوەوە بە ئەقیانووس بە زەدی ڕەسەنی خۆی بزانێت.
لە هەمووشی سەیر ئەوەیە کە یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی یەکگرتوو کە تا کاتی نووسینی ئەم بابەتەش لە (دەوحە) دەژی بە عەگال و دشداشەوە نوێژی بە کەمەڵ دەکات و دوعا بە برا موجاهیدەکانی خۆی دەکات لە فلیپین و کشمیر بەبێ ئەوەی لە بیری بێت کە خۆکی کوردستانە و گەلەکەی خەیشی لە هەموو ئەوانە چەوساوەترە، بەڵکو لە هەمووشی گرنگتر عەرەبی دشداشە لەبەر ئەو غەدر و ستەمە گەورەیەی لە گەلەکەی کردووە. ئەمە جیا لەوەی سەرکی رابیتەی ئیسلامی واتە عەلی قەرەداغی دەستی گیان بە گیانی خوێنمژکی بە ئابڕووی وەک

ئەردەگان و حزبەکەیەتی. ئەگەرچی من بە هیچ شێوەیەک بەوام بە ناسیۆنالیزم نییە، بەڵام ئێش و ئازاری گەلی کورد لە هەر شوێنێک بێت ئازاری دڵم دەدات، کەچی ئیسلامیەکانی کورد نە وەک موسڵمان نە وەک هاونیشتمانی، هاوسۆز نین لەگەڵ ئێش و ئازاری گەلەکەیان نەخاسمە خەیان بەر شان بخەنە ژێر ئێو ئێش و ئازارەوە.

نووسینی: ستیڤان شەمزینی
سوێد – ستۆکهۆڵم

کتێب: سەرزەمینی هەموو ناوەکان.. سەباح ڕەنجدەر

ناوی کتێب: سەرزەمینی هەموو ناوەکان
شاعیر: سەباح ڕەنجدەر

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن...



شانۆی کوردی بەپێی جوگرافیا.. حەیدەر عەبدولرەحمان

ماوەیەکە هەڵە شانۆیەکانی سڵەمانی بەردەوام جەیان دە لێچالاکی و تیپە شانۆیەکان نێریان گرتووە بە نمایش کردنی بەرهەمەکانیان . بینەری شانۆیش کە بینەرێکیی هوشیارو تینووی شانۆیە، وەک ئەو بەربەستی کەرناو تەنگژەی ئابووری، پشت لەشانۆ ناکاو ڕەگ نادا هەرگیز هەڵەکان بە بینەر بن، بۆیە ئەم هەوڵەستەی شانۆکاران و

بینەری شانۆیی لەو شارەدا ، هەر تەنها چمکێکی هونەریی بەخێوە هەڵناگرێ، لەوەندە گەورەتر مانایەکی نیشتیمان پەروەری دەگەیەنێت، کە لەو قەناغەدا قورسایی خەیان هەیە بەسەر هووپێی هەنگاوەکانی ئەو کەمەگایە بەرەو بە مەدەنی بوون کە دیارە شانۆ یەکێکە لە کەرەستە مکەمەکانی
هەمیشە بەوام بووە هەیە کە ئاستی شانۆ لەکوردستاندا ئاستێکی نزمییە نەک هەڵها، ئەو ئاستە بەجوگرافیاوە بەندەو لەشوێنکەوە دەگۆڕێت بۆ شوێنکی تر.
ئاستە کە ئێستا سڵەمانی لەگەڵ پانکەدا سوار چاکە، بەڵا َم کەرکوک و دهۆک و هەندێ لەشارۆچکەکانی تری وەک دەربەندیخان و کەلاریش لەگەڵ پانکەدا دیارن و بزافێکی بەتینی شانۆییان دەست پێ کردەتەوە
ئەوەی لەگەڵ پانکەدا غائیبەو لەچاوەڕوانی بودجە کەوتەتە خۆکی قوە، تەنیا هەوڵەر، کە ساڵە جارە چالاکیەکی بەناو فیستیڤاڵی مەندەراما پێشکەش دەکاتەوە ناو خۆکەوە تا ساڵێکی تر بەدەم چاوەڕوانی هاتنی بودجەوە بۆئاگا دەتەوە .
تا ئەو کەمەی داگیرکارەی کارگێڕیی شانۆ لەهەوڵەر دەسەڵاتی خسپێنەرانەی خەیان بەسەر فەزای شانۆدا بسپێنن ، شانۆ هەر وەک لاشەیەکی مردوی بگۆن لەو شارەدا هەر بەهەواسراوی دەمێنێتەوە

بانگەشتێک بۆ سەماکردن.. شیعری/ هادیا ئامنۆ.. وەرگێڕانی بۆ کوردی/ فەرێدون سامان

لە ئاڵزی جانتاکەی مندا
چاوی ماناکانی تۆقیوەوە وەک ئاواز
لە هەرای جانتاکەمدا
مۆبایلەکەم ون بوو
ئاوازەکانی خەوندارن لەگەڵ بەدەنگیی شوێنکەدا

چەتر دەبنەوە
بەرەو لای خەم تەماشایکرد و
ساتەکانی رەندی لە باخچەکانی جوانی
بەرەو هەوراز بوونەوە ،
ریگام بە چاوم نەدا بینینیت
بەهام بەلەز بەلامدا تیپەڕی
جوانیی سەوەکەی ئادەم لە ستەمکاریدا چەنراوە
ئەوان گوتیان
کە کەلەکەوانی ژنان
لەگەڵ چەناگەی خەی درەی کرد
ئەو قسەی قەڕ
دوگمەکانی سەر سنگی گەنجانە
فراوانی چارگەئاسا کردەوە
بانگهەشتی ژنانی گەردوون و سوپایەیەک لە ماچ دەکات،
مەبایلەکەم لەو بەسەروبەری
ئاشووبی هەستەکان و لە بەدەنگی شوەندا ون بوو
چاوە بە خوومارەکەی پە بوون لە مەبایلەکە
لە نەەەی بەیانەکدا مامز ئاسا باز دەدات
سەمەندەر داوای شەریعەتی سەما کردن دەکات
جەستەیەیەک فەری بەخەو بووە
لەسەرهەواری خاڵی وەنەوزدا
ناخەویت تەنە دوای تاوەک سەما نەبیت
پرچی قەرجانەم گەژاوەکی شەپەلدارە
گەپرژین سەما بە دوو سەمای دادە
بەنت شەپەلی کشان و داکشانە،
حیلەی شەهوەتەو مگەزی ئارەزووی سەما دەکات
چامەم لە فەرهەنگەکەم ئازاد کرد
لەدایکبوونەکەی خولیای شەتی بوو
پیتەکانم بە رەندی خەیان فەری
سەما بوون
ئاخە خوەەی بارانی سەر شوشەم گورەم ناتوروژینیت بە سەما
بەنزینی تەپەە هارەکان تاسە دەسووتەنەت چەشنەک لە سەما
قاوە و مەبایلەکە لەلایەک دانە دەتەوە ئەبجەدیەتی سەما فەر بیت؟
بەتاسەوە لەرزینی سەرەپەنجەکانت بە ژنەک درەژکەوە
شەرم مەکە بە بانگهەشتی پیاوەک بە سەما کردن
کە خەت ئارەخووی سەمای ئەو دەکەی
سەمایەک حەز دەکات سەما بکات لەگەڵ سەمادا.

شیعری/ هادیا ئامنە- تونس

وەرگێڕانی بۆ کوردی/ فەرەیدون سامان

یەکەم پەلەقۆ.. سڵام عومەر

یەکەم پەلەقەی هاویشتم
سەراوی دایکم رژاندو
لەگەڵ ئەودا
چەند کەشی ماماڵە
یەکەم ناڵە کە گوێم لێبوو
ئی داکم بوو
دەیچریکاندوو
دەیگوت منداڵەکەم کوانە؟
⋆ ⋆ ⋆
لەوکاتەوە
تەمەنم وەک سەراوکەی داکم دەژێ
کەس نییە کەیکاتەوە
لەوکاتەوە
قرچەی شکانی منداڵیم دێ و
خوێن لە بریندی هەستم دەتکێ
کەس نییە چایکاتەوە
⋆ ⋆ ⋆
هەشتا تامی
یەکەم دڵۆپە شیری داکم لە دەمماڵە
چەژی یەکەم بەنی ئەو و
یەکەم ماچی لەوکانی
لەنەو دەماری دەمایە
⋆ ⋆ ⋆
یەکەم پەلەقەی هاویشتم
سەراوی داکم تەقاندو بەربومەوە
روناکیم دی و
ناوکیان بێم

بۆ هەمیشە
لە یەکەم نیشتمان و
جوانترین سیما و
ئازیزترین کەسیان دابێم
⋆ ⋆ ⋆
لەوکاتەوە
وەکو داکم ژانم دەتێ و
دەناڵێنم
لەوکاتەوە
یادکانی وەکو وێنداش
لە تەمەنم دەئاڵێنم
⋆ ⋆ ⋆
یەکەم پەلەقەی هاویشتم
دەریایەک فرمێسکی پێشتم
لەوکاتەوە
جیهانی من وەکو داکم
ناڵەو چریکەی بەرژانێ
لەوکاتەوە
نیشتمانم
تەقینی سەراوکان و
خوێن رژانێ.

غەریبییم.. دەی ئێژەرەوە

خودایێ کەی ئەو هەموو نامەیێ و
غەریبییەم دەگاتێ کەتایی؟
یەستا چاوشارکێ لەگەڵ میلی کاتژمێری تەمەن ئەکەم و
دەم پەیەتی لەو نەرمەتێیەی ژیان ئاوت ئەکا
خودایێ ئەو هەموو غەریبییێ تاکەی
تاکەی بچمێوێ ناو گەردەنکی خاکی و
ونبوو لە پەکەنینکی شیرین
خودایێ، کەی دەتێوێ یاری ئێزا شەرینم

خەیاڵ

کاتێ بەر شنەبای ئەوارانت کەوتم
لە نەسیما خەمم بینییەوە
شەوان
ئەستێرەم ئەبینی
لەیشتن، سەرتای کەوتنی ئەو خەیاڵانەبوو
لە درکردنە
لە خیانەتکردنە
بەربوونەوە بەر پای من.
سەفییەکی ڕیشسپی نزای پاکبوونەوە و نەڕیشتنی کرد.

دەی هەژدەهات

لەزمە تەمەنە.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

نوسینەوەی لەزمە تەمەنە،،
لەسەر لەپی پەنجەڕەی با،
مەرگ هەواش هەڵزنیە،،
پلیکانەی ساتەوەختە…
چاوە داگیرساوەکانی بە لانکان…
لە سندوقی خەمی شەوا،،
خەو و خاشاکی ووشکانیش،،
پێش هەشتنە،،
بای بەهودەیی کەی کردنەوە،،
گەرچی تڕە هەشکانی…
سەفەر تفتو تاڵبوون،،
ئاجاری گیا هەشکانی ئازاریش،،
لە کۆتایی یاریە هیچکانی مرۆڤ..
بەدەستە بەردکانەوە وەرین،….
شانەی دەستی بروسکەی زەمەن،،..

بۆ نەو زوڵفی سپی دارستانە...
لە هەڵەی بوونا ووشک،،
داخن، ئاسنە گێنەکانی...
زیندانی قژشێنگی دژخی عیشق!
ئاژینە گریان لە پەڕوی...
پەمەیی هەورا،
پێش هاتنی شنەی بۆ مانایی!
خانمی سپی مەرگیش،،
کەڵەکی هەڵۆ بەستۆکانی سۆڵ لەداو،
مەڵە هەشکانی سانا،،
داخزانە دامێنی چیای سپی ئێستا.

.....
وێنەکە تابلۆیەکی نیگارکێشی فنلەندی
Hugo Simberg / By The River Of Life

بەردەکان.. شیعری شاعیری گەورە: عەبدولسەتار نورعەلی**

لە عەرەبییەو بۆ کوردی : ئەحمەد رەجەب
بەردێك لە سەر شانی هەڵدەگرێ
بە سەر شاخی ئازارەکان هەڵدەکشێ
سەردەکەوێ
دێتەخوارەوە
لە بازنەیەکدا ، ئاسۆش تاریکە ،
عەمار هاوارکەی بەند دەکات (1)
سیزیف بەردەوامە ، دێراوە وەك لاستیکی لێهاتووە (2)

[illegible]

□□□□□□□□ □□□□□□□□□□ □□□□□□□□
□□□□ □□□□□ □□□□□□□□□□ □□□□□

بەردە رەشەکە ماچی کرد ؟
ژمارەی دەمەکان نازانرێت
هاوشێوەکانیشی
*

بەردێك لە سەر سنگی لاوازی
سوممیەیە (3)
چەند قورسە !
چەند بێهێزە!
گوێ دەگرێ
ـــ ئەوەی بێگوناحە
با بەرد فڕێبدات !
*
گوێت لە دەنگێکە بەرزدەبێتەوە (4)
لە پشت جوزەلەکانی مانەوە (5)
ـــــ ئەوەتا ئێمە دەجەنگین
بەرگە دەگرین
بەردباران
بارقورسی
لە گەل قورسی بەردەکان ئاشناین
28/3/2021

** ژمارەیەکی زر لە نووسەران و ڕۆشنبیران دەڵێن شاعیری لێهاتوو بەتوانا عەبدولسەتار نور عەلی جێی شانازی گەلی عێراقە بە گشتی و گەلی کوردستانە بە تایبەتی وەك مامۆستایەکی دیاری بواری پەروەردەو نووسەرێکی گەورەو شاعیرێکی درەوشاوەو بە توانا و ڕۆژنامەنووسیکی سەرکەوتوو سونبوڵکی شیعرە چونکە خاوەنی گەنجینەیەکی شیعرەو بە جوانی کۆشەو گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەخاتەروو.خاوەنی چەندین کتیبە و، بەردەکان لە ساڵی 1994 نووسراوەو لە کتێبی (على اثير الجليد) وەرگیراوە.
شاعیر عەبدولسەتار نور عەلی لە کوردانی فەیلییە و لە ساڵی 1942 لە گەرکی باب الشیخ لە بەغدا لە دایکبووە وکۆلیجی (الادابی) بەشی زمانی عەرەبی لە ساڵی 1964 تەواو کردووەو ماوەی 25 ساڵ مامۆستای ئامادەیی بووە لە پاریزگاری الحلە و بەغدا.

تێبینی :
(1) عەمار : کوری یاسر یەکێکە لە ئەسحابەکان.
(2) سیزیف : Sisyphus کابرایەکی فێبازو بوو،لەبەر گومرایی سزا درا بەردێك لە دامێنی شاخێك ببات سەرەوە و کە گەیشتە لوتکە بەردەکە بێ دامێنی شاخەکە بەردەبێتەوەو و بەو شێوەیە سەر لە نوێ هەمان کار دەکات و بوو بە سزایی تا ماوە. لە پاش هیلاکی دراوە بە زەوییدا وەك تایەی ئۆتۆمبێل دەخوولێتەوە.
(3) سوممەیە : کچی خەیات یەکێکە لە ئەسحابەکان" ئافەرەتێکی لاواز بوو ئەبو جەهل رمێکی دا لە دێیی کوشتی و، سوممەیە دایکی عەمارە کە لە سەرەوە باسکراوە.
(4) دەنگێکی روون.
(5) جوزەلە یان بە گەرمیانی دووزەلە وەك لە دێرزەمان وتراوە : مزامیر ێال داوود.

هێنراوێ بێ منداڵان.. مامێستا گیان .. ڕزا شوان

مامێستای بەڕێز و دڵسۆز
خاوەن پەیامێکی پیرۆز
* * *
تێ فکر و پشێنگمانی
هیوای گڵ و نیشتمانی
* * *
دڵسۆزیمان بێ کوردستان
ڕواندت لێ هێش و هێستمان
* * *
هەردەم بەرز و شکۆداری
لەناو دێ و لەسەر زاری
* * *
بەرخودانیت بێ هاوتایێ
تاجی زێ بێ تێ ڕوایێ
* * *

هەر بژیت مامەستا گیان
سیمبولی پەروەردە و ژیان

نەرویج: ٢٠٢١